سەرکی هەرێم پرسە و سەرخۆشی ئاستی بنەماڵەی قوربانیانی حەمدانییە کرد



نێچیرڤان بارزانی، سەرکی هەرێمی کوردستان پرسە و سەرخۆشی ئاستی بنەماڵەی قوربانیانی ڕووداوی ئاگرکۆتنۆوی شاری حەمدانییە کرد و لە پەیامێکدا ڕایگەیاند، "پرسە و سەرەخۆشی و هاوسۆزی و هاوخەمیی قووڵم پێشکەش بە خێزان و کەسوکاری ئەو قوربانییانە دەکەم کە شەوی ڕابردوو لە ڕووداوێکی دڵتەزێندا لە هۆڵێکی بنەکان لە قەزای حەمدانییە، گیانیان لەدەستدا و بریندار بوون". هەروەها وتی: هیوای زووچاکبوونەوە بۆ بریندارەکان و بەرکەوتووان دەخوازین، لەم کاتە سەختە و بە ئازارەدا، بیر و خەیاڵمان لای ئەوانە و ئامادەی هەموو یارمەتیدان و هاوکارییەکین.

لە هەمان کاتدا، مەسعود بارزانی سەرکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە تویتێکدا نووسیویەتی، "بە دڵتەنگییەکی زۆرەوە هەواڵی ئاگرکۆتنۆوی ناوچەی حەمدانییەم پێگەیشت کە بووە هۆی مردن و بریندارببوونی سەدان هاوڵاتی، هەروەها هاوخەمی خۆم بۆ بنەماڵەی قوربانییەکان ڕادەگەیەنم و لە خودای گەورە دەپاڕێمەوە بۆ خێرا چاکبوونەوەی بریندارەکان".